گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/nd0set47
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/04/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 30/07/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# کاریگەری قەیرانی ئابوری لەسەر سیاسەتی ناوەخۆ و پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان (٢٠١٤-٢٠٢٤): شیکارێک بۆ پرۆسەی دروستکردنی بڕیار

**کامەران ئەحمد محمدامین[١]** **چرۆ ڕەشید علی [٢]**
kamaran.amin1@su.edu.krd chro.ali@su.edu.krd
[١+٢] سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی،کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**
هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤- ٢٠٢٤ ڕووبەڕوی قەیرانی ئابوری و دارایی بویەوە کە بەتەواوی کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوەخۆ و پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەبوە، ئەمەش بۆتە جێگای بایەخ پێدانی دروستکرانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان بەهۆی گرنگی ئەم بابەتە، کەدەیەوێت بەشێوەیەکی زانستیانە کاریگەری قەیرانی ئابوری سیاسەت و پەیوندییەکانی هەرێمی کوردستان شیبکاتەوە، بەئامانجی وردبینی و پێداچونەوەی زیاتر لەلایەن دامودەزگا دروستکەرانەکانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان بۆ دەرکردنی بڕیاری ستراتیژی و تەندروست بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابوری بۆ گواستنەوەی هەرێم لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پشت بە میتۆدی چۆنایەتی بەستراوە. بەمەبەستی چارەسەرکردنی دیاریکردنی و شیکردنەوە و کاریگەری ئەو قەیرانە ئابورییەی کە ڕووبەڕوی دروستکەرانی بڕیار بۆتەوە لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زانستی، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ شیکردنەوەی داتاکان لە هەندێک شوێن بە میۆدی چەندایەتی بەکارهاتوە. لە کۆتایدا گەیشتونەتە چەند دەرئەنجاێک، ئەم فشارە ئابوریانەی لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق بەتایبەت بڕینی پشکی بودجەی و دابەزینی نرخی نەوت چەندین ئالنگاری تری ئابوری کە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠١٤ ڕووبەڕوی بوە کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر قوڵبونەوەی قەیرانی ئابوری هەرێمی کوردستان، کە کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر کەرتە خزمەتگوزارییەکان و بەرزبونەوەی هەژاری و بێکاری. ئەم توێژینەوەیە و پێکدێت لە سێ باس و چەند داواکراوێک. باسی یەکەم شیکردنەوەیەکی تیۆریە بۆ دروستکردنی بڕیار، باسی دوەم کاریگەری ئابورییە لەسەر سیاسەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان، باسی سێیەم کاریگەری ئابورییە لەسەر پەیوەندی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

**کلیە وشەکان**: هەرێمی کوردستان، دروستکردنی بڕیار، قەیرانی ئابوری، پەیوەندی دەرەوە، سیاسەتی ناوەخۆ

# The Effect of the Economic Crisis on Internal Policy and Foreign Relations in the Kurdistan Region (2014-2024): An Analysis of the Decision-Making System

**Kamran Ahmad MohammedAmin**[1] **Chro Rashid Ali**[2]

[1+2]Political System and Public Policy, College of Political Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract:

From 2014 to 2024, the Kurdistan Region confronted a significant economic and financial crisis that immensely affected its national policies and international relations. This situation is crucial for regional decision-makers as it scientifically analyses the impact of the economic crisis on policies and relations in the Kurdistan Region that audit and review decision-making institutions to develop strategic and effective solutions to tackle economic challenges and foster development within the region. To reach this goal, researchers utilized quantitative methods for data analysis in certain areas. Ultimately, they reached several conclusions. Financial strains from the Iraqi federal government—especially due to budget cuts and declining oil prices—along with other economic issues since 2014 have exacerbated the economic crisis in the Kurdistan Region. This has led to significant negative effects on service sectors, resulting in increased poverty and unemployment rates. This study includes three discussions along with several recommendations. The first discussion focuses on a theoretical analysis of decision-making processes. The second analyses how economic factors influence internal policies within the Kurdistan Region, while the third investigates the effects of these economic conditions on Foreign Relations.

**Keywords:** Kurdistan Region, Decision Making, Economic Crisis, Foreign Relations, Domestic Policy

## پێشەکی

دروستکردنی بڕیار واتە هەڵبژاردن لەنێوان چەند بژاردەیەکی جیاوازدا، بەپشت بەستن بەو سەرچاوە ئابوری و سیاسیانەی لەبەردەستدایە، هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس له ساڵی ٢٠٠٣ و بەتایبەتتر لە دوای دانپێدانانی وەک هەرێمێکی فیدراڵی لەدەستوری ساڵی ٢٠٠٥، کرانەوەیەکی بەرچاوی بەڕوی جیهاندا بینی و هەرێمی کوردستان بوژایەوە و چەندین پڕۆژەی ئابوری ستراتیژی، لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوەی هەرێم تیادا جێبەجێکرا، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠١٤ زنجیرەیەک قەیرانی ئابوری ڕوبەڕوی هەرێم بوە، کە بەتەواوی کاریگەری لەسەر کۆی کەرت و سێکتەرکانی ئابوری ئاستی گوزەرانی هاووڵاتیان و پەیوەندییە دەرکییەکان و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە هەرێمی کوردستان هەبوە.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدات بەشێوەیەکی زانستیانە پەیوەندی نێوان ئابوری و سیاسەت شیبکاتەوە، چونکە قەیرانی ئابوری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە دروستکردنی بڕیار چ لەسەر سیاسەتی ناوەخۆ بێت یاخود پەیوەندی دەرەوەبێت. بەتایبەت لە شوێنێکی وەک هەرێمی کوردستان لە ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٤) ڕوبەڕوی چەندین مەترسی و قەیرانی سایسی و ئابوری بۆتەوە، کە ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ لایەنی حکومی و ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستان.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، دیاریکردنی ڕۆڵ و کاریگەری قەیرانی ئابورییە لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەسەر سیاسەتی ناوەخۆ و پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، قەیرانەکان کاریگەرێکی زۆریان هەبوە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، سەرەڕای زۆری گرفتەکان کە ڕوبەڕوی دروستکرانی بڕیار بۆتەوە، چونکە بابەتێکی قوڵەو قەیرانەکان جۆراوجۆرن، هەروەها دروستکردنی بڕیار لە شوێنێکی وەک هەرێمی کوردستان بەردەوام لە ژێر کاریگەری گۆڕاوی ناوەخۆ و دەرەوەدایە، بەهۆی بەردەوامی قەیرانەکان بۆ ماوەی (١١) دەکات بەمەبەستی شیکردنەوە گفتوگۆی و تیشک خستە سەر لایەنە جیاوازەکانی.

**پرسیاری توێژینەوە:** چۆن قەیرانی ئابوری کاریگەری خۆی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری هەرێمی کوردستاندا بینیوە؟

**گرفتەکانی توێژینەوە:** توێژینەوە لەسەر بابەتێکی لەو شێوەیە کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی قەیرانەکان زۆرن، وەک کێشەی بودجە و کێشەی موچە و دابەزینی نرخی نەوت. ئەو دامودەزگایانەی بەرپرسن لە پرۆسەی بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان وەکو پێویست نین بەتایبەت دامەزراوە فەرمییەکانی وەک پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، بەشێوەیەکی سیستەماتیك ئیدارە نادرێن، بۆیە ئەو بنەما زانیاریانەی، کە پێویستە بۆ توێژینەوە لە بابەتێکی وا هەستیار، لەبەردەستدا نییە، یاخود بەئاسانی ناکەوێتە بەردەست، ئەمە سەرباری ئەوەی لەپاڵ هۆکاری ئابوری هۆکاری تریش هەیە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا هەیە، وەك هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبری و.... هتد، لەیەکتر جیاکردنەوەی هۆکاری ئابوری لەنێو ئەو هەمو هۆکارانە پێویستی بە وردبونەوەو کاتێکی زۆر هەیە، پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەسەر زانیارییەکان بنیاتدەنرێت بۆ دەرخستنی ئەو کاریگەریە ئابوریانەی کە لەسەر سیاسەتی ناوەخۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەیەتی، کاریگەری ئابوری هەرێمی کوردستانیش بەتوندی لەژێر کاریگەری بارودۆخی ناوەخۆ و دەرەوە دایەو بەردەوام لەگۆڕاندایە، ئەمانە هەموی گرفتی تەکنیکی و میتۆدی بەردەم توێژینەوەکە بو.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە میتۆدی چۆنایەتی (Qualitative Research) دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەش دا هەندەێک داتا و زانیاری چەندیەتی (Quantitative Data) بەکارهاتوە. لەناو میتۆدی چۆنایەتیدا چەند شێواز و ڕێگایەک هەیە. لەم توێژیەوەیە پشت بەستراە بە ڕێبازی عەقڵانی بەو پێیەی ڕێبازی عەقڵانی

ڕێبازێکی ئابورییە و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوەخۆو دەوەی دەوڵەت هەیە کە گونجاوە بۆ ئەم توێژینەوەیە، چونکە شیکردنەوەی بۆ کاریگەری ئابوری لەسەر سیاسەتی ناوەخۆ و دەوەرەی هەرێم دەکات، واتە ڕێبازی عەقڵانی دروستکردنی بڕیاری کە کاریگەری ڕونیان لەسەر کۆمەڵگا یان سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا هەبێت، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی کاریگەری لەسەر پێگەی دەوڵەت لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوەیدا دەنوێنێت. ئەم ڕێبازە لەسەر گریمانەی ئابوری دامەزراوە، واتە لەسەر بنەمای سود و قازانجی ئابورییە.

**پەیکەری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لە پێشەکییەك و سێ باس پێکهاتوە، باسی یەکەم تایبەتە بە دیاریکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ دروستکردنی بڕیار، کە لە دو داواکراو پێکدێت و هەر داواکراوێکیش چەند لقێك لەخۆدەگرێت، باسی دوەم بۆ کاریگەری ئابوری لەسەر سیاسەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، ئەو ئەو باسەش لە سێ داوکراو چەند لقێك پێکدێت، کە بەوردی ناوەڕۆکی ئەم باسە شیدەکاتەوە، دوا باسیش، واتە باسی سێیەم، شیکردنەوە بۆ کاریگەری ئابوری لەسەر پرۆسەی بڕیاردان لەسیاسەتی دەرەوەی هەرێم تەرخانکراوە، هاوشێوەی دو باسەکەی تر چەند داواکراوێك لەخۆدەگرێت و هەر داواکراوەی لەچەند لقێك شرۆڤەی ئەو کاریگەریانە دەکات.

لەکۆتاییدا ئەو توێژینەوەیەدا ئەو سەرئەنجامانە خراوەتەڕو، کە توێژەر پێیگەیشتوە و لیستێکیش بۆ ئەو سەرچاوانە کراوە، کە لەنوسینەوەیدا سودی لێوەرگیراوە.

## باسی یەکەم
## چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ دروستکردنی بڕیار

### داواکراوی یەکەم: ناساندنی دروستکردنی بڕیار

### لقی یەکەم: چەمکی دروستکردنی بڕیار

چەمکی دروستکردنی بڕیار لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەر (صنع القرار) زمانی عەرەبی (Decision making)ی زمانی ئینگلیزی بەکاردێت. پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دینامیکیە لە کۆمەڵێک قۆناغ، توخم، ڕەهەند پیکدێت، لە چوارچێوەیەکی کاریگەری کۆت و بەندی دیاریکراو تایبەت ئەنجام دەدرێت، لەسەر هاوسەنگی بنەمای ژمارەیەک بژاردەی بەردەست دەبێتە هۆی بڕیاردان، ئەم پرۆسەیە هەمەلایەن و ئاڵۆزە لە کۆمەڵگەدا و ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتە بە بەکارهێنانی کەمترین توانانی ماددی و مرۆیی و تەکنیکی. (فقێ علی،٢٠٢٣: ٢١-٢٢). پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پەیوەستە بە کۆمەڵێک هەنگاوی بنەڕەتی بارودۆخێکی دیاریکراو، کە دەرهاویشتە و لێکەوتەکان هۆکارە کاریگەرەکانی بارودۆخە شیدەکاتەوە.(علی& خالید ئەحمەد:٢٠١٢:0 ٥) کەواتە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و لەناکاو نایەت، بەڵکو پەیوەستە بە ئەزمون و زانیاری لێکۆڵینەوە و قوڵی بارودۆخە تایبەتییەکان، کە هانیدەدات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا کاربکات، بەڵام لە هەندێک بارودۆخی دیاریکراودا، پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بەشێوەیەکی نادڵنیایی تەواو یاخود پەیوەستە بە بارودۆخی پێشتر، هەندێکیان لەحاڵەتی مەترسی تەواو یان بەشکی دراون. ئەم پرۆسەیە دەکرێت بەشێوەی تاک یاخود کۆمەڵ ئەنجام بدرێت (الاوقاتي &السعيدي:٢٠١١: ١١٩) پرۆسەی دروستکردنی بڕیار وەک میکانیزمێک سەیری سیستەمی سیاسی دەکات بۆ دروستکردنی بڕیارەکان، وەزیفەیەکە هەمو ستیستەمێکی سیاسی پێ ئاشنایە، سادەبێت یاخود ئاڵۆز، نوێ و سوننەتی، نادیموکراسی و دیموکراسی. وەزیفەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی گشتییە ڕێگەدەدات بە سیستەمە جیاجیاکان لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بکەن. یەکەمین زانای سیاسەت لەبواری شیکردنەوەی دروستکردنی بڕیار کاری کردبێت (ریچارد شنایدەرە)، هەرچەندە ئەم لە بنەڕەتدا لە لێکۆڵینەوەی سیاسەتی

دەرەكیدا پیادەی كردوە، بەڵام بەدوری نەزانیوە بەكاربیهێنێت بۆ لێكۆڵینەوەی هەمو دیاردە سیاسییەكان. (المنوفي،٢٠٠٧: ١٤٧)

دەیڤد ئیستۆن (Daived Estone ) ئەركی سیستەمی سیاسی بەم شێوازە پێناسە دەكات (دەرهاویشتەكانی سیستەمی سیاسی هەر فۆرمێكی هەبێت، لەڕێگەی ئەوە دابەشكردنی بەهاكان لە كۆمەڵگا ڕودەدات، ئەم بەهایانە ناوەخۆیی بن یان دەرەكی). هاوكات بڕیاری سیاسی وا پێناسە كردوە (چی حكومەت دەیەوێت بیكات وە ئەوی نایەوێت بیكات). (ئەحمەد & خالید ئەحمەد:٢٠١٢: ٥١)· واتە پرۆسەی دروستكردنی بڕیار زۆرەملێ و ناچاریە دەسەڵات بەچەند قۆناغێك دەیسەپێنێت بەم شێوازەی خوارەوە. (المنوفي،٢٠٠٧: ١٠٨)

١-تێهاوێشتەكان: ئەم تێهاویشتانە لە ناو سیستەمەكە و خودی ژینگەكە هەڵدەقوڵێن كە بریتین لەوكاریگەری و فشارانە كە سیستەمی سیاسی ڕوبەڕویان دەبێتەوە و پاڵیان پێوەدەنێت بۆ جوڵە. كە تێهاوێشتەكان دەكەین بە دو بەشەوە، یەكەم: داواكاریەكان، دوەم: پشتیوانی

٢- پرۆسەی گواستنەوە: واتای ئەوەیە لە بونیادی یاسادانان و جێبەجێكردن داواكاریەكان جێبەجێبكرێتەوە، داواكارییەكان بە پرۆسەیەكی ورد و دور و درێژدا تێدەپەڕێت پێش ئەوەی لە شێوەی دەرهاوێشتە بخرێتەڕو. هەمو داواكاریەكان دەخرێنەڕو، بەڵام تەنها بەشێكی كەمیان دەكرێت بە بڕیار.

٣-دەرهاوێشتەكان: بریتین لە وەڵامدانەوەی داواكاریە كردەییەكان لەلایەن سیستەمەوە.

دەرهاوێشتەكان بەم سێ شێوازە وڵام دەدرێنەوە. یەكەم ئەرێنی: داواكارییەكان لە ڕێگای دەسەڵات جێبەجێدەكرێت بۆ هەمواركردنی ژینگەی سیستەمی سیاسی. دوەم هێمایی: وەكو بڵاوكردنەوەی هەستی ترس، مانۆڕی سەبازی، بەڵێنەكان، ترس لە دابەشبونی ناوەكی یان هەڕەشەی دەرەكی سێیەم نەرێنی: دەسەڵات بۆ ئەوەی سیستەمی سیاسی بپارێزێت پەنادەباتە بەرترس و ناچاركردن.

٤ -فیدباك: پرۆسەیەكی بەردەوامە كە تێهاوێشتەكان دەبەستێتەوە بە دەرهاویشتەكان، كە بەمانای گەڕانەوەی زانیارییەكان لە ژینگەوە بۆ سیستەمی سیاسی. واتە ئەوكاریگەریانەی كە سیاسەت و بڕیارەكان بەجێیانهێشتوە، ئەمە پرۆسەیەكی گرنگە بۆ مانەوەی سیستەم كە لەسەر ڕەفتارەكانی پێشوی بەردەوام بێت یان دەستبەردار بێت یان هەمواربكاتەوە. هەتا فیدباكەكە خێرا بێت و كەمتر دوابكەوێت كاراترە. ئەگەر فیدباك نەبێت سیستەمی سیاسی دەكەوێتە مەترسی و هەڕەشەوە بۆیە زۆر گرنگە بۆ سیستەم (المنوفي،٢٠٠٧: ١٠٩-١١٠)

## لقی دوەم: هەنگاوەكانی دروستكردنی بڕیار

لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیار بە گشتی و بڕیاردانی سیاسی بەتایبەتی چەند هەنگاوی بنەڕەتی هەیە، كە لەم قۆناغانەدا كورتدەكرێتەوە:

١-قۆناغی پێناسەكردنی دۆخەكە یان دەستنیشانكردنی كێشەكە.

٢- كۆكردنەوەی داتا و زانیاری.

٤- پۆلینكردن و لێكدانەوەی زانیارییەكان و خەملاندنی هەمو چارەسەرە بەدیلەكان.

٥- جێبەجێكردنی بڕیار.

٦-هەڵسەنگاندنی بڕیار (السامرائي، ٢٠٠٨: ٥٨-٥٩)

### لقی سێیەم: ئاستەکانی دروستکردنی بڕیار

ئاستی دروستکردنی بڕیار بەپێی ی جۆری پرسەکە یان کێشەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت دەگۆڕێت، هەروەها بەپێی سروشتی سیستەمە سیاسییەکەی لە دەوڵەت، بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئاستانە لە دو چوارچێوەدان بریتین لە:

١-حاڵەتی ئاسایی یان ڕۆتینی: ئەم پرسانەن دەتوانرێت بڕیاریان لەسەر بدرێت لە ئاستی کارایی ئاسایی یان مامناوەندە، نمونەی ئەمەش وەک ئەو بڕیارانەی بەڕێوبەرە گشتییەکان یان دامەزراوەی پەیوەندیدارەکان دەیدات.

٢- ئەو پرسانەی کە گرنگی زۆریان هەیە: وەک ئەو پرسانەی هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوە دەکەن یان کاریگەریان هەیە لەسەر بەرژەوەندی و یەکپارچەی دەوڵەت. دروستکردنی بڕیار لەسەر ئاستی بەرز دەدرێت وەکو دەزگای سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی وەزیران...هتد (معهد البحرين"للتنمية السياسية، صناعة القرار السياسي"، ٢٠١٦، ٢٥)

### لقی چوارەم: بەربەستەکانی بەردەم دروستکردنی بڕیار

لە دروستکردنی بڕیار و جێبەجێکردنی ڕوبەڕوی زۆر کێشەو بەربەست دەبێتەوە بەتایبەت لە بڕیارە ستراتیژییەکان کە بەکورتی لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەم بەو شێوازەی خوارەوە:

١-کورتهێنانی زانیاری لە دروستکردنی بڕیاردا.

٢-تاک ڕەهەندی و تەسکبینی لە دروستکردنی بڕیاردا واتە ئەوکاتەی دروستکەرانی بڕیار ڕەهەندەکانی تر پشتگوێ بخەن و گرنگی بەیەک ڕەهەند بدەن( قادر &حەمەئەمین: ٢٠٢٠: ٣٥٤).

٣-گۆڕانکاری لە بارودۆخدا: زۆرجار ئەو بارودۆخەی کە بڕیاری لەسەر دەدرێت لە قۆناغی پێکهاتندا بێت ڕەنگە لە هەمو ساتێکدا گۆڕانکاری بەسەر دابێت، بۆیە زۆرجار دروستکەری بڕیار دەسکاری بەدیلەکان دەکات کە لەگەڵ پێشهاتی نوێدا بگونجێت، دروستکەری بڕیار بەوردی چاودێری هەڵوێستی لایەنە جیاوازەکان دەکات بەدوای بەدیلی گونجاو دەگەڕێت. (المكاوي،:٢٧-٢٨).

٤-دەسەڵات پێنەدان و ناوەندیەتی توند لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیاردا: دەبێتە هۆی لاوازکردنی بەرپرسیارەتی لەلای بەرپرسە کارگێڕی و مامناوەند و خوارەوە.

٥- نەبونی چاودێری لە بەدواداچونی بڕیارەکان: بڕیارەکان بە هەڵە جێبەجێدەکریت کە دەکرێ بە مەبەست بێت یان بێمەبەست ئەمە وادەکات دەزگا کارگێڕییەکان متمانەی خۆیان لە دەستبدەن. (فقێ على،٢٠٢٣، ٥-٧٦).

## داواکراوی دوەم : شیکردنەوەیەک بۆ ڕێبازی عەقڵانی

### لقی یەکەم: ناساندنی ڕێبازی عەقڵانی

بەپێی ڕێبازی ئەم ڕێبازە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ناسیاسی ئەوەیە کە کاریگەری ڕونیان لەسەر کۆمەڵگا یان سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا هەبێت، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی کاریگەری لەسەر پێگەی دەوڵەت لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوەیدا دەنوینێت کە مەبەست لە دروستکردنی بڕیارەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک یاخود کۆتایهێنان بە پرسێکە. بۆیە دەبێت ئەو بڕیارە عەقڵانی بێت تاوەکو کاریگەری خوازراوی هەبێت ئەم ڕێبازە لەسەر گریمانەی ئابوری دامەزراوە، پێیوایە سیاسەتی ئاوازمەندانە ئەو سیاسەتەیە کە گەورەترین قازانجی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت، واتە حکومەت ئەو سیاسەتە هەڵبژێرێت کە دەسکەوت و سودی بۆ کۆمەڵگا هەبێت. (معهد البحرين"للتنمية السياسية، صناعة القرار السياسي"، ٢٠١٦:٣٤)

### لقی دووەم: توخمەکانی ڕێبازی عەقڵانی

ئەم ڕێبازە لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار پشت بەو توخمانەی خوارەوە دەبەستێت:

١- دروستکەرانی بڕیار ڕوبەڕوی کێشەیەک جیاوازتر لە کێشەکانی تر دەبێتەوە دەبێت گرنگی پێبدات.

٢- پێویستە ئامانج و بەهاکان بەگوێرەی گرنگیەکانیان ڕێکبخرێن.

٣- بژاردەی جیاواز بۆ ڕوبەڕو بونەوەی کێشەکە دەست نیشان بکرێت.

٤- لەکاتی هەڵبژاردنی بژاردەکان پێویستە ڕەچاوی کاریگەری لێکەوتەکان وسود و قازانج و تێچوەنەی بکرێت.

٥- پێویستە دروستکەری بڕیار ئەو بژاردەیە هەڵبژێت، کە ئامانجە خوازراوەکان بەدی بێنێت (جرار، طارق توفیق٢٠١٧:٢٥)

### لقی سێیەم: ڕەخنەکانی ئاراستەی ڕێبازی عقلانی کراون

ئەم ڕێبازە لەلایەن زۆرێک لە بەرژەوەندیخوازانەوە پشتگیری کراوە، کاتێک دروستکردنی بڕیار بە سروشتێکی ئابوریيانەی وەردەگرێت بەتایبەتی دوای خێرابونی شەپۆلەکانی بەنێودەوڵەتی کردنی ئابوری پاشان زاڵبونی سیستەمی ئابوری جیهانی. ئەم ڕێبازە ڕوبەڕوی چەندین ڕەخنە بۆتەوە وەکو ئەوەی هربرت سیمون (Herbert Simon ) کە پێیوایە دروستکەری بڕیار هەمیشە لە ژێر بابەتیەتی و ئایدیاڵی کارناکات بە هۆی ناتەواوی زانیارییەکانەوە، تەنیا قازانج بڕیارەکان کۆنترۆڵ ناکات بەڵکو دەبێت ڕەچاوی لایەنی ئاکاریش بکرێت. بەشێکی تر ڕەخنەی ئەوەیان لەم ڕێبازە گرت کە لە سەر پێویستی و بەدەستهێنانی زۆرترین سود لە باشترکردنی دروستکردنی بڕیاردا وەستاوە، ئەوانە لایان باشترە جەخت لەسەر ڕەگەزی ڕەزامەندی برێتەوە (بدرێت (الاوقاتي &السعيدي:٢٠١١: ١٢٥)

لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٤) پرسە ئابوری و قەیرانانە ئابورییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر دروستکردنی بڕیار هەبوە لەهەرێمی کوردستان چ لەسیاسەتی ناوەخۆ بێت یان پەیوەندی دەرەوە، ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ ڕێبازی عەقڵانی دروستکردنی بڕیار، کە لەسەر بنەمایەکی بە هێزی ئابوری دامەزراوە، پرسە ئابورییەکانە دەوڵەت یان هەرێم دەکاتە گریمانەی سەرەکی دروستکردنی بڕیار، بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕوبەڕوی کێشەیەی جیاواز بۆتەوە لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بۆ ئەمە مەبەستەش دروستکەرانی بڕیار چەندین ڕێگا و چارەسەری جیاوازی گرتۆتەبەر، بۆیە ئەم ڕێبازە لەگەڵ واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان گونجاوترینە.

## باسی دووەم

## کاریگەری قەیرانی ئابوری لەسەر سیاسەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان

### داواکراوی یەکەم: ئالەنگارییە ئابورییەکان

### لقی یەکەم: نەبونی دەستور

دەستور بریتییە لە بەڵگەنامەیەکی، کە تێدا سیستەمی حکومڕانی وڵات، ماف و ئازادی تاکەکان، تایبەتمەندی هەر سێ دەسەڵاتەکان، پەیوەندی نێوانیان دیاریدەکات، بە دایکی یاساکان دانراوە هەمو یاساکان هێزی خۆیان لە دەستور وەردەگرن، نەبونی دەستور یەکێکە لە ئالنگارییەکانی بەدەم هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی پڕۆژەی دەستور خرایە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، هەرچەندە دەنگی لەسەر درا بەڵام بەهۆی ناکۆکی لایەنەکان دوبارە گەڕاندیایەوە پەرلەمان، لە پاش (٣٣) ساڵ حکومڕانی تائێستا هەرێمی کوردستان بێ دەستورە بە هۆی ئەوەی دەبێتە نائارامی کوردستان، سەرەڕای پێکهێنانی چەندین لیژنە (عمر، كارزان أحمد، ٢٠٢٣: ٥٧) نەبونی دەستور بەیەکێک لە هەرەکێشە

سەرەکیەکان دەنرێت، دیاترینیان دابەشکاری سیاسی، کە سەرهەڵدانی هەر قەیرانێکی سیاسی و ئابوری دادەنرێت حکومەت خۆی ناتوانێت چاودێری مەلەفی (داراپی و ئابوری و نەوت) بکات و خزمەتگوزاری بدرێتە پارێزگان بۆ زیاتر کارکرد و هەستکردن بە ئەرک و بەرپرسیاریەتی. بۆیە زۆر پێوستە بۆ دروستکەرانی بڕیار کارکردن بۆ دوبارە بنیاتنانەوەی دامەزراوەیی و پتەوکردنی ژێرخانی، دیارکردنی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان کاربکەن بۆ نوسینەوەی دەستور، کە ئەمەش نەک تەنها کێشە سیاسی و یاسایەکان چارەسەردەکات بەڵکو کاریگەری دەبێت لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە ئابورییەکان بەپێی دەستور. (دیداری زنستی: ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (بژاردەو بەربەستەکان)، ٢٠١٨:١٨٣)

## لقی دوەم: نەبونی یاسای بودجە

هەرێمی کوردستان لە ڕوی مێژوییەوە لە ساڵی١٩٩٣ بۆ یەکەمجار بودجەی نارده پەرلەمان، بە بڕیاری ژمارە (١٥) لە ١٩٩٣\٣\١١ پەرلەمانی کوردستان بودجەی هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد. لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ بودجەی هەرێمی کوردستان تەرخرانکراوە لە داهاتی عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٧ حکومەتی هەرێم بودجەی ناردۆتە پەرلەمان تا ساڵی ٢٠١٣. هەرچەندە ئەم بودجەیە گرفتی زۆری تێدابوە. (شێخ مستەفا،٢٠١٩: ٨٣) بەواتای لەم ماوەیەدا حکومەتی هەرێم لەساڵی ١٩٩٢ دامەزاراوە یەکەم ساڵی حکومڕانی خۆیی بەبێ یاسای بودجە تێپەڕاندوە، لەساڵی نەوەدەکان تەنها چوار ساڵ یاسای بودجەی هەبوە لە ساڵانی (١٩٩٣، سێ مانگی ساڵی ١٩٩٦، ١٩٩٧، ١٩٩٨)، لەساڵی دوهەزارەکانیش تەنها لە ساڵانی (٢٠٠١، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣) یاسای بودجەی هەبوە، بودجە ناردراوەتە پەرلەمان، واتە لە نێوان ٣٣ ساڵ حکومڕانی هەرێم تەنها ١٢ ساڵ حکومەتی هەرێم یاسای بودجەی هەبوە، ٢١ ساڵ بەبێ یاسای بودجە بەڕێکراو. (گەلالی،٢٠٢١) ئەگەرچی قەیرانی سیاسی و سەربازی داراپی و ئابوری سەریهەڵدا لەدوای ساڵی٢٠١٤، هەرچەندە داهات لە هەندێک لە قۆناغەکان کەم بۆتەوە، بەڵام بەو مانایەی نەبو داهات سفر بێت. حکومەتی هەرێم لەماوەی نێوان هەردو کابینە، کابینەی هەشت لە ١٨ /٦/٢٠١٤ و کابینەی نۆیەمی حکومەت لە ١/٧/ ٢٠١٩لە پەرلەمانی کوردستان متمانەیان وەرگرتوە یاسای بودجەیان نەبوە، بەهەردو خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمان سەرکەوتو نەبون لە ناچارکردنی حکومەت بە ڕەوانەکردنی یاساکە، سەرەڕای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن خەڵکەوە متمانەی وەرگرتوە و هەڵبژێردراوە دەبێت لەسەر پرسی یاسای بودجە دانیشتنی بکردبایە بێدەنگ نەبوایە، بەهۆی باڵا دەستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر یاسادانان سەرکەوتونەبوە لەم پرسە، خەرجی و داهات بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەکەوێتە ژێر پرسیار و نەبونی چاودێری پەرلەمانەوە. حکومەتی هەرێم لە بەیاسایکردنی بودجەو بردنی بۆبەردەم پەرلەمان خۆیی دزیەوتەوە.(درەومیدیا، ٢٠٢٥، ١٧٤-١٧٥) دروستکەرانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە کێشەی نەبونی یاسای بودجە چارەسەربکەن،کە بۆتە کێشەیەی کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئابوری. واتە دروستکەرانی بڕیارلە چەندی ساڵی ڕابردو ئەم یاسایە بە هاوکاری نێوان لایەنە سیاسییەکان چارەسەربکات. ئەمەش نیشانەیەکی نەبونی هەماهەنگییە لە نێوان پەرلەمان و حکومەت و پارتە سیاسییەکان.

## لقی سێیەم: پشت بەستن بە ئابوری - تاک سەرچاوە (پشت بەستن بە نەوت)

بەهۆ پشت بەستن بە نەوت و گاز لە ئێستادا دەوڵەتی عێراق بە دەوڵەتێکی ئابوری تاک سەرچاوە دادەنرێت. هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی عێراق خاوەنی نەوت و گازێکی زۆرە، پشت بە داهاتی نەوت و گاز دەبەستێت. لەبەرامبەر ئەو سامانە سروشتییە دراوە بە کۆمپانیاکان ئەوان کاری تێدادەکەن و سامانەکەی بەرهەمدێنن، هەرێمی کوردستان پارەیەکی

کاشی دەست دەکەوێت، مانگانە قازانجێکی زۆری بۆ دێتەوە بەبێ ماندوبونی زۆر، ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە مۆدێلی ئابوری کوردستان تاک سەرچاوەیە. (کەریم،٢٠٢١: ٦) لە ڕوی دەستخستنی داهاتەوە، ئابووری هەرێمی کوردستان تاک لایەنە، چ لە ڕابردودا لە ڕێگەی پشکی هەرێم لە داهاتی نەوتی عێراق یان لە ئێستادا لە ڕێگەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆیی نەوتی هەرێم، لە هەردو حاڵەتەکەدا ئابوری وڵات نائارام و نالەباردەبێت. چونکە نرخی نەوت ناجێگرە و ئەمەش وادەکات داهاتی نەوت ناجێگیربێت. لەسەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت گۆڕانکاری لە بەرزبونەوەو نزمبونەوەی نرخی نەوت کاریگەری ڕاستەخۆی لەسەریان دەبێت وەک هەرێمی کوردستان. (عمر،٢٠٢٣: ٨١) لەم چوارچێوەیەدا، ئابوری هەرێمی کوردستان هەمو نەخۆشییەکانی ئەم جۆرە ئابورییە تێدا نەشونما و گەشەیکردوە. سەربارەی مۆدیلی تاک سەرچاوەی هەرێم، ئابوری هەرێم هەمیشە لە ژێر کاریگەری پەیوەندییە سیاسییەکاندا بوە، مەترسی بڕین و کەمکردنەوەی بودجەی هەبوە لەلایەن بەغداوە. مۆدیلی وڵاتانی پشت بەستن بەنەوت لەوانە هەرێمی کوردستان و عێراق چەند خاسلەتێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە وەک: پشت بەستن بە هاوردەکردنی کاڵای بیانی، لاوازی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و گەورەبونی کەرتی گشتی لەسەر حسابی کەرتی تایبەت، کێشە و لاسەنگییەکانی کەرتی کار، لاوازی دەزگای کارگێری دەوڵەت لە ڕاگرتنی بارودۆخی سەقامگیری ئابوری. (عیسی &قادر:٢٠٢١: ١٥٨-١٥٩) هۆکاری هەمو ئەوانەش پشت بەستنی درێژخایەنە بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو. جگەلەمەش بە هۆی نەوتەوە هەرێمی کوردستان کەرتەکانی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەم مۆدێلی ئابوریەیی هەرێم زیانی بە حکومڕانی باش (Good Government)گەیاندوە، ڕەفتاری دەستەبژێری سیاسی و دروستکەرانی بڕیاری هەرێمی کوردستانی گۆڕیوە دوری خستونەتەوە لە کۆمەڵگا. (صدیق،٢٠٢٣: ١١٩)

## داواکراوی دوەم: کاریگەری ئابوری لەسەر ئاستی گوزەرانی هاووڵاتیان

### لقی یەکەم: هەژاری

بەپێی ڕونکردنەوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و عێراق پێناسەی هەژاری کراوە کە بریتییە لە: هەژمارکردنی هەژاری لە هەرێمی کوردستان و عێراق پشت دەبەستێت بە خەرجی خێزان بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییەکان و خواردنەوەکان و لەگەڵ پێداویستییە ناخۆراکییەکان وەک بەشێک لە پێداویستیە سەرەتایی و سەرەکییەکان بۆ بەردەوامبونی ژیانی هەرتاکێک لە خێزاندا. لەساڵی ٢٠٠٧ هێڵی هەژاری ( ٧٧٥٠٠) دیناری عێراق بوە، هێڵی هەژاری لە ساڵی٢٠١٢ دیاری کراوە بە( ١٠٥٥٠٠) دینار عێراقی، بەڵام بۆ ساڵی ٢٠١٨ لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەپێی نیشاندرەکانی ئابوری و هەڵئاوسان، هێڵی هەژاری بە(١١٠٨٨٠) هەزار دیناری عێراقی دیاریکرا، وەک کەمترین خەرجی تاک لە مانگێکدا لە ساڵی ٢٠١٢ بەپێی دەستی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕێژەی هەژاری ٣.٥٪ لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم ڕێژەیە بەرزبۆوە لە ساڵ٢٠١٤ بۆ ١٢.٥٪ بەهۆی هاتنی ڕێژەیەکی زۆر لە پەنابەر لە هەرێمی کوردستان و دروستبونی قەیران و شەڕی داعش. پارێزگای سلێمانی نزمترین ڕێژەی هەژاری تێدا تۆمارکرا لەسەر ئاستی هەرێم بە ڕێژەی ٢.١ ٪ و پارێزگای هەولێر بە ڕیژەی ٥.١٪ بوە، پارێزگا دهۆک ٤.١٢٪ بوە. (عیسی،قادر:٢٠٢١، ١٦٦)لە ساڵی٢٠١٨بەهۆی ڕوپێوی دەستەی ئامار لەم ساڵەدا ئەنجامیدا، ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان ٥.٤٦ بەتێکڕا، لە پارێزگای هەولێر ڕیژەی هەژاری ٦.٧ ٪، لە پارێزگای سلێمانی ٤.٤٦ بوە، پارێزگای دهۆک ٨.٦ بوە. سەرچاوە بڕوانە (دەستەی ئامار هەرێمی کوردستان) بەپێی ئەم ڕوپێویە پارێزگای سلێمانی کەمترین ڕێژەی هەژار تێدایە، پارێزگای دهۆک هەژارترین پارێزگای هەرێمی کوردستانە.

دیارترین هۆکارەکانی هەژاری لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠١٤:

١-بەردەوامبونی قەیرانی دارایی.

٢- کەمبونەوەی موچەی فەرمانبەران.

٣-کەمی هەلی کار و بێکاری لە نێوگەنجاندا.

٤- بەرزبونەوەی نرخی کەلوپەل و خزمەتگوزاریەکان. (ڕێسا،٢٠٢٤)

خشتەی ژمارە (٢) ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ ڕوندەکاتەوە

| پارێزگا | ڕێژەی هەژاری بە ٪ |
|---|---|
| هەولێر | ٥.٩ |
| سلێمانی | ٧.٩ |
| دهۆک | ١٤.٨ |

سەرچاوە.توێژەر پشتی بەستوە بە -ڕاگەیاندراوی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم، ڕۆژی سەردان٦-٣-٢٠٢٥، بەستەر https://gov.krd/mop/

## لقی دوەم: بێکاری

بە یەکێک لە مەترسیدارترین هەڕەشەکانی سەر کەرتی ئابوریە دادەنرێت، هەرێمی کوردستان بێبەش نییە لەم هەڕەشەیە. بۆ نمونە لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٢ بە هاوکاری دەزگای ڕەندی ئەمریکی ڕوپێوی کرد، لەم ساڵەدا ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم ٣٨.٤٪ تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٦٥ ساڵی بوە، کاریان هەبوە، تەنها ٧.٩٪ کاریان نەبوە، ڕێژەی بێکاری لە ساڵی ٢٠١٣ دابەزی ٦٠٥٪، ئەوانەی دەرفەتی کاریان دەستنەکەوتوە تەنها(٨٧)هەزار کەس بوە. سەرەڕای بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی لە ساڵی٢٠١٤ زۆر کاریگەری لەسەر بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری نەبوە، ڕێژەکە ٦.٥٣٪ بەرزبۆتەوە. بەڵام بێکاری لە ساڵی ٢٠١٥ بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆوە و گەیشتە ١٣.٥٣٪. لە ساڵی ٢٠١٦ هیچ ڕوپێوک نەکراوە، لە ساڵ ٢٠١٧ دەستەی ئامار و ڕێکخراوی کۆچ، ڕێژەی بێکاری بەم شێوەیە بوە هەولێر ٩.٢٪، سلێمانی ٩.٤٪، دهۆک ١٣.٨، (عیسی &قادر:٢٠٢١: 164) هەروەها لە نیوەی دوەمی ساڵی٢٠٢١ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ڕوپێویەکی ئەنجامدا لەسەر ئاستی هەمو عێراق، ڕێژەی بێکاری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان تیکڕا نزیکەی (١٨٪)، پارێزگای دهۆک بەرزترین ڕێژەی بێکاری هەیە ٢٤.١٪، پارێزگا هەولێر ١٧.٧٪، پارێزگای سلێمانی ١١.٩ تێدا تۆمارکراوە. پارێزگای هەولێر لەسەر ئاستی عێرا ق هەرێم لە پلەی یەکەم دێت لەڕوی بە گەڕخستنی هێزی کار کە ڕێژەکەی ٤٧٪، پارێزگای سلێمانی لە پلەی دوم لەسەر ئاستی عێراق و هەرێم دێت لە بەگەڕخستنی هێزی کار ڕێژەکەی ٤٦.٣٪، پارێزگای دهۆک لە پلەی سێیەم دایە لە بەگەڕخستنی هێزی کار ڕێژەکەی ٣٩.٦٪. دەستی کار لە هەرێمی کوردستان دابەشبوە بەم شێوەیە ٨٪ خەریکی کاری کشتوکاڵن، ئەوانەی کاری پیشەسازی دەکەن ١٧٪، نزیکەی ٧٣٪ لە سێکتەری خزمەتگوزاری کاردەکەن، ئەوانەی لە ئابوری دیکە کاردەکەن ٢٪. ( میدیای درەو:2024, ٥٦)

خشتەی ژمارە (٣) ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ ڕوندەکاتەوە.

| پارێزگا | ڕێژەی بێکاری بە ٪ |
|---|---|
| هەولێر | ١٤.٦٧ |
| سلێمانی | ١٣.٦١ |
| دهۆک | ١٧.٤٧ |

سەرچاوە: توێژەر پشتی بەستوە بە -ڕاگەیاندراوی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم، ڕۆژی سەردان٦-٣-٢٠٢٥، بەستەر https://gov.krd/mop/

## داواکراوای سێیەم:کاریگەری ئابوری لەسەر کەرتی خزمەتگوزاریی

### لقی یەکەم: پەروەردە و فێرکردن

بەپێی یاسای ژمارە (٤) ساڵی١٩٩٢ وەزارەتی پەروەردە دامەزراوە، ئەم یاسایەش چەندین جار هەموارکراوەتەوە، (سەعید،٢٠٢٠: ٢) بە ستراتیژی و ئامانج ڕونی دەناسرێتەوە لە ئامانجە گشتی و تایبەتییەکانی پەروەردەییەوە سەرچاوەی گرتوە، کە جێبەجێکردنیان بەپێی پلانی ساڵانەیە بەشێوەی ڕێنمایی بڕیارەکان دەردەچن، پێش دەستپێکردنی خوێندن ئامادەکارییەکان دەستپێدەکات، کتێب و پرۆگرامی خوێندن و پۆلەکان ئامادەدەکرێن جگەلە دیارکردنی کەمکوکوڕییەکان و کردنەوەی ڕاهێنان. کابینەی یەک لەدوای یەکەکانی حکومەت لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر هەوڵیان داوە هاوکاری و هەماهەنگی بکەن، لە ڕێگەی گۆڕانکاری و چاکسازی لە سیستەم و پرۆگرامی پەروەردەیەوە.(احمد، ٢٠١٢: ٣٥) بۆیە یەکێک لە گرنگترین و گەورەترین وەزارەتەکان وەزارەتی پەروەردەیە، لە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بەرپرسیارە، لە هەستیارترین قۆناغەکانی ژیان کە پەروەردەی مرۆڤەکانە. لەهەر وڵاتێکدا پەروەردە بناغەیەکە بۆ گەشەپێدانی زمان و ناسنامە و زانست و ڕۆشنبیری لە بیرکردنەوە ئەرێنیەکان لە تاکەکان. بەهۆی پەرورده و فێرکارییەوە هاووڵاتیان ڕۆشنبیریان گەشەدەکات تێکەڵ بە زانست و زانیاری دەبن. لەم ڕوانگەیەوە وەک دەزگایەکی پەروەردەیی فەرمی قوتابخانە، بۆ گواستنەوەی کلتوری کۆمەڵگا یەکێکە لە فاکتەرە بەهێزەکان. (شریف٢٠١٩: ١٧٠)

خشتەی ژمارە(٤)ژمارەی قوتابیان و مامۆستایان و قوتابخانەکان ولە پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢٢) ڕوندەکاتەوە

| پاێزگا | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢،٦٦٢ | ٥٨٨،٥٣٩ | ٤٧،٩٤٥ |
| سلێمانی | ٢،١٦٣ | ٥٤٤،٩٠٨ | ٥٤،٥٦٤ |
| دهۆک | ١،٦٧٦ | ٥١٠،١٨٢ | ٣٩،٠٢٢ |
| هەڵەبجە | ١٤٩ | ٢٥،٩٠٢ | ٤،١٠٥ |
| کۆی گشتی | ٦،٦٥٠ | ١،٦٦٩،٥٣١ | ١٤٥،٦٣٦ |

سەرچاوە: توێژەر پشتی بەستوە بە - (صديق، سميع صابر ٢٠٢٣: ٦٦)کاریگەری فاکتەرە ناوەخۆییەکان لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستان - عێراق لەدوای ٢٠٠٣، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین.

لە دوای ساڵی٢٠١٤ دروستبونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان کەرتی پەرورده ڕوبەڕروی کێشەی قوڵبۆوە، کە کاریگەری لەسەر ئەم کەرتە و دروستکەرانی بڕیار لە هەرێم هەبو، بەتایبەت دانەمەزراندنی مامۆستایان و تەرخاننەکردنی بودجەی پێویست بۆ دروستکردن و نۆژنکردنەوەی قوتابخانە، هەروەها بەهۆی پاشەکەوتی موچە و دواکەوتنی موچە مامۆستایانی کەرتی پەروەردە بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد، کە بۆشاییەکی زۆری لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن

دروستکرد، لەساڵی ٢٠٢٠هاتنی پەتای جیهانی کۆڕۆنا یەکێکیتر بو لەو گرفتانەی کە زۆرترین زیانی بەر ئەم کەرتە گەیاند، خوێندن لە هۆڵەکانەوە گواسترایەوە سەر شاشەی لاپتۆپەکان و کەمکردنەوەی مەنهەج لەلایەن وەزارەتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. (حسین،٢٠٢٥) سەرەڕایی بەردەوامی قەیرانی دارایی و کاریگەرییەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر کەرتی پەروەردەو فێرکردن، بەڵام بڕیادەران بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٩ - ٢٠٢١، هەنگاوی ناوە بۆ چارسەرکردنی کێشەکانی ئەم کەرتە، بە دروستکردنی (٣٨) قوتابخانە و نۆژەنکردنەوەی (٥٧٥) قوتابخانە و باخچەی ساوایان، جگەلە بەهەمیشەی کردنی (٥،٠٨٨) مامۆستا و خەرجکردنی شایستەی دارایی بۆ وانەبێژان، جگە لە دابینکردنی کەلوپەل و پێویستییەکانی قوتابخانە و دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە. (دەسکەوتەکانی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم،٢٠٢١: ٣٥)

**لقی دووەم: بواری فێرکردنی باڵا**

لە بەرزکردنەوەی بەهای زانین بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا ڕۆڵی گرنگ دەبینن، چونکە توانایەکی بەرزیان هەیە بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی جۆرە جیاوازەکانی زانین. بەهۆی ئەو وێرانکاریەی کە لە ڕابردودا لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕویداوە بەربەستی زۆری خستۆتە بەردەم کەرتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان (2، Ahmad, 2016) بەپێی یاسای ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان ڕێکخراوە کە چەندین ئەرک لەم بوارە دەگرێتەخۆ (یاسای ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان – عێراق) ئەرکی زانکۆ گرنگ و هەستیارە تەنها لە ئەرکی زانست پوخت ناکرێتەوە، لە گرنگترین ئەرکەکانی بونیادنانی یەکێتی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری نەتەوەیی و مێژوی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیرەییە.(صدیق،٢٠٢٣: ١٠٧)

خشتەی ژمارە (٥) ژمارەی زانکۆ حکومی و ئەهلیەکان و پەیمانگا ئەهلییەکان و ژمارەی قوتابییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕوندەکاتەوە

| پارێزگا | زانکۆی حکومی | ژمارەی قوتابی | زانکۆی ناحکومی | ژمارەی قوتابی | پەیمانگای ناحکومی | ژمارەی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥ | ٥٢،٤٨٢ | ٨ | ١٦،٨٦٨ | ٩ | ٤،٥٩٦ |
| سلێمانی | ٥ | ٣١،٤٣٦ | ٧ | ٨،٩٥٥ | ٧ | ٣،٩٢٥ |
| دهۆک | ٤ | ٣٨،٩٩٩ | ٢ | ٤،٧٤٥ | ٤ | ١،٩٩٢ |
| هەڵەبجە | ١ | ٢٩٢٠ | . | . | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ١٥ | ١٢٥،٨٣٧ | ١٧ | ٣٠،٥٨٤ | ٢٠ | ١٠،٥١٣ |

سەرچاوە، توێژەر پشتی بەستوە بە - وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، فەرمانگای خوێندن و پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوبەرایەتی ئامار و پلاندانان، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤

لەم خشتەیەی سەرەوە ئەمە ڕوندەبێتەوە هەرێمی کوردستان گرنگیەکی تەواوی داوە بە بنیاتنانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان، ئامانج لەوەش پێشخستنی ئاستی خوێندنی باڵا و پێگەیاندنی کادری شارەزایە بە بازاڕی کار و پەرەپیدانی تواناکانی قوتابیانە، بەرزکردنەوەی هەستکردن بە ناسنامەی نیشتمانی، زانکۆکان و پەیمانگاکان بەشێکی گرنگی پێوسیتیەکانی هەرێم لە بواری خوێندنی باڵا دەگرێتەخۆ.

ئەگەر بە تایبەت باسی دوای ساڵی٢٠١٤ بکەین، بارودۆخی ئابوری هەریم ڕوبەڕوی ئەم قەیرانە بویەوە، کەرتی خوێندنی باڵا وەک هەر کەرتێکی تر ڕوبەڕوی ئاستەنگی زۆر بویەوە، بەهۆی پاشەکەوت و لێبڕینی موچەوە بەشێک لە مامۆستایان بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد بە تایبەت لە پاریزگای سلێمانی، کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر کۆی پرۆسەی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان دروستکرد، هەروەها نەمانی دەرماڵە قوتابیان یەکێکی تر بو لە گرفتەکان، کە کاریگەری هەبوە لە سەر ئاست و گوزەرانی قوتابی، ژێرخانی زانکۆکان بەهۆی نەمانی بودجەی پێویستەوە یەکێکیتر بو لە گرفتە سەرەکییەکان. بۆ ئەو مەبەستە دروستکەرانی بڕیار بەتایبەت لە کابینەی (نۆ)ی حکومەتی هەرێم وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەوڵیداوە بۆ گەڕاندنەوەی دەرماڵەی قوتابیان و یەکێکیتر لە هەڵەکانی وەزارەت دروستکردنی سەرچاوەی داهاتی جیاجیا بو بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئابورییەکان لەسەر ئەم کەرتە. (ئەکرەم:٢٠٢٥)

**باسی سێیەم**

**کاریگەری قەیرانی ئابوری لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان**

**داواکراوی یەکەم: پرسە ئابورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وعێراق**

**لقی یەکەم: پرسی وزە**

هەوڵەکانی کورد بۆ وەرگرتنی یاسای نیشتیمانی و بەرژەوەندی هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز لە ساڵی ٢٠٠٤لەکاتی دانوستانەکان لەسەر یاسای ئیدارەی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە دەستی پێکرد، بەڵام هەوڵەکان لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانییەوە ڕەتکرایەوە، بەرپرسای باڵا ڕیگەیاندا بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز وەک پێش جەنگ بەردەوم بێت بەو بیروباوەڕی ئەوەی کە عێراقییەکان بەرێککەوتنە نوێکە بگەنە سازش. بەڵام هەوڵەکان شکستیان هێنا لە گەیشتن بە ڕێککەوتن بەمەش پەنایان بردە بەر زمانێکی نارون لە دەستور سەبارەت بە پرسی نەوت و گاز. (القادري،٢٠١٦: ٦) بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز و دەستورری بون و نەبونی یاسای نەوت، لێکدانەوەی جیاوازی بۆدەکرا لەلایەن حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، لە یاسای نەوت و گازدا هەرێم لە ماددەکانی دوەم سێیەم پشتی بە ماددەکانی (١١٢،١١١، ١١٥، ١٢١) بەست کە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت دەدات بەحکومەتی هەرێم، بەم هۆیەوە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠٠٧پەسەند کرد کە تایبەت بو بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. تا ساڵی ٢٠١٣ (٥٧) گرێبەست لە نێوان کۆمپانیای نەوت حکومەتی هەرێم واژۆکران. (گەڵالی، ٢٠٢٢: ١٢) بۆیە نەبوی یاسای نەوت و گاز، هەروەها شیکردنەوەی ماددەیی (١١٢،١١١) هۆکاری ناکۆکی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمە، لە ماددەی (١١٢) بڕگەی یەکەمدا هاتوە (حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەرێم پارێزگاکان و بەرهەمهێنەرەکان نەوت و گازی بەرهەمهێنراوی ئێستا بەرێوەدەبات ... هتد)، بەڵام حکومەتی فیدراڵی بۆچونێکی تری هەیە لە ئیدارەدانی نەوت و گاز لە هەمو عێراق بۆ حکومەتی فیدراڵییە، ئەمەش بەپێی ماددەی (١١١)ی دەستور هاتوە (نەوت و گاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەمو هەرێم و پارێزگاکاندا). ئەم بابەتە یەکلاینەکراوەتەوە بەهۆی نەبونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵییەوە، ڕێسایەکی یەکلایکەرەوە و ئاشکرانییە بۆ داهاتەکانی نەوت و چۆنیەتی بەشداری هەرێم لە داهاتە فیدراڵییەکان.(عیسى &قادر،٢٠٢١: ٣٧٧) بەم جۆرە ڕەوشەکە بەردەوام بو تاساڵی ٢٠١٤ کە بەتەواوی لەلایەن بەغداوە پشکی هەرێم بڕدرا بە پاساوی ڕادەستنەکردنی داهاتە ئیتیحادییەکان و نەوت، هەرێم بەشێوەیەکی فەرمی تا ئەوکاتە هەناردەنەکردبو چەند مانگێک دوای ئەوە هەرێم دەستی کرد بە هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگای بۆرییەوە. (گوڵپی،٢٠٢١: ١٧-١٨) ئامادەیی هەولێر بۆ ئەوەی خۆیی بخاتە ژێر فشاری دارایی و کاریگەرییەکانی

لەسەر ئابوری ناوەخۆیی ئاماژەیەکی ڕون بو بۆ ئەوەی کە حکومەتی هەرێم چۆن سەیری کەرتی نەوت دەکات کە ئەمە ئەجندایی سیاسی فراوانتر دەدات بەوەی کەرتی نەوت نابێتە ئامرازێک بۆ چارەسەرکردن سیاسی و سەقامگیری نێوان هەولێر و بەغدادا. (لقادري،٢٠١٦: ١٥)بەردەوام بونی ناکۆکی هەر دو حکومەت زیاتری پەرەیسەند لەسەر هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، دوابەدوای ئەمە دادگای فیدرڕلی لە ساڵی ٢٠٢٢ هەناردەکردنی نەوت و گازی هەرێمی بە نادەستوری ناوبرد، هەروەها گرێبەستە نەوت و گازییەکانی هەڵوەشاندەوە کە هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٧ دەریکردبو. (عواد،٢٠٢٤ ٧٨) ئەم بڕیارەش لەسەر هەردو سکاڵای ژمارە (٥٥\فیدرڕلی ٢٠١٢) و سکاڵای ژمارە (١١٠\ فیدراڵی ٢٠١٩) دۆسیەی نەوت وگازی هەرێم دەرکرد. (ئەحمەد،٢٠٢٣: ١٣٤) هەر لەسەر ئەم دۆسیەیە لە لە ڕۆژی ١٣ شوباتی ٢٠٢٣ دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس بڕیاری ڕاگرتنی نەوتی هەرێمیدا، لە (٢٧٧) پەڕ پێکهاتبو، بەپێی دەقی بڕیارەکە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستورەیە و یاسایە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام بۆدەرەوە ناتوانێت نەوت بە بۆریەوە بگوازێتەو چی نەوتی باکوربێت یاخود نەوتی هەرێم، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێک نییە لەڕێککەوتنامەی (بەبازاڕکردنی نەوتی جیهانی). بەپێی بڕیارەکە یاسای نەوت و گازی هەرێم پێچەوانەی ماددەکانی دەستورە .(درەو میدیا:٢٠٢٣) هەر بۆیە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی لە ٤ نیسانی٢٠٢٣ ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد کە ڕۆژانە هەرێم (١٠٠)هەزار بەرمیل لە ڕێگای کۆمپانیای نیشتیمانی سۆمۆوە هەناردە بکات، هەروەها نوێنەری هەرێم دیاری دەکرێت بۆ پۆستی یاردیدەدەری سەرۆکی کۆمپانیاکە، کردنەوەی ئەژماری بانکی بۆ هەرێم و فرۆشتنی نەوت بە بۆڕی بەو مەرجەی لە ژێر چاودێری دیوانی دارایی فیدرالی دابێت. (عواد،٢٠٢٤: ٧٩)

**لقی دوەم: پرسی بودجە**

لە ساڵی ٢٠٠٤ پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی خەملێنراوی عێراق بە ڕێژەی ٨٪ بۆ ١٠ ٪دیاریکرا بۆ ساڵی ٢٠٠٥،ئەم بابەتەش نارەزایەتی توندی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە هەرێم داوای دەکرد لە بودجەی عێراقدا پشکی کورد ٢٥٪ بێت، بەڵام دواتر پشکی کورد ١٧٪ جێگیرکرا. (عیسی&قادر:٢٠٢١: ٣٧٦) بەتایبەتی دوای ساڵی ٢٠٠٧ لەسەر پرسی پشکی هەرێم وە خەرجییە سیادییەکان و بودجەی پێشمەرگە کە بەردەوام بابەتی نارەزایی و ناکۆکی بون، لەسەر ئەوەی کە ڕێژەی ١٧٪ زۆرە بۆ هەرێم، چونکە بەشداریی داهات ناکات، هەرێم گلەیی ئەوەی کردوە لە پشکی ١١٪ یە نەوەک ١٧٪ بە کردەیی. بەم جۆرە ڕەوشەکە بەردەوام بو تا ساڵی٢٠١٤کە بەتەواوی لەلایەن بەغداوە پشکی هەرێم بڕدرابە پاساوی ڕادەستنەکردنی داهاتە ئیتیحادییەکان و نەوت. (گوڵپی،٢٠٢١: ١٨)، بودجە بەیەکێک لە گرنگترین پرسەو کێشە ئابورییەکانی هەرێم دادەنرێت، بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم پشت دەبەستێت بەناردنی موچەو بودجەی حکومەتی بەغدا، حکومەتی عێراق سیاسەتە دارایی و ئابورییەکانی خۆی لە هەمبەر هەرێمی کوردستان وەک فاکتەرێکی گوشار بەکارهێناوە و تێکەڵ بەململانێ سیاسییەکان کراوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەمو کایەکانی تر کردوە لە هەرێمی کوردستان. (عیسی،قادر،٢٠٢١: ١٧٤). هەر بۆیە دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر چو، بەبڕیارێکی تاک لایەنە لە یاسای بودجەی عێراقدا لەساڵی ٢٠١٨ بەبێ پشت بەستن بە هیچ پێوەرێکی بابەتی تر پشکی بودجەی هەرێم دادابەزێنرا بۆ ١٢،٦٧٪ هەرچەندە کار بەیاسای بودجە نەکرا. پاش ئەوەی عادل عبدالمهدی بوە سەرۆک وەزیرانی عێراق هەر دو لا ڕێککەوتن بە ڕادەستکردنی( ٢٥٠) هەزار بەرمیل لەلایەن هەرێمەوە لەبەرامبەر ئەوە عێراق پشکی بودجە خەرج بکات، لەساڵی٢٠١٩ لە یاسای بودجە جێگیرکرا، بودجەی عێراقی ٢٠١٩لە ساڵی پەسەند نەکرا، کە دەبوایە کار بە بەشی تەرخانکراوی ساڵی ڕابردو بکرایە بەپێی یاسای کارگێری دارایی، حکومەتی عێراق خۆیی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لاداو کە ئەمەش دۆخیی دارایی خراپتر کرد.(گوڵپی:٢٠٢١: ١٧-١٨)

خشتەی ژمارە (٦)پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق بەبڕی تەمویل کراو نەکراو هەرێم لە ساڵی ٢٠١٤ -٢٠٢٤بە دینار ڕوندەکاتەوە

| بڕی پشکی هەرێم | بڕی تەمویل کراو | ڕێژەی تەمویل کراو | بڕی تەمویل نەکراو | ڕێژەی تەومل نەکراو |
|---|---|---|---|---|
| ١٥١،٤٥٨،٥٣٠،٠٠٠،٠٠٠ | ٣٠،٢٥٤،٤٣٥،٠٠٠،٠٠٠ | ٪٢٠ | ١٢١،٢٠٤،٢٩٥،٠٠٠،٠٠ | ٪٨٠ |

سەرچاوە: توێژەر پشتی بەستوە بە - میدیای درەو، ٢٠٢٥: ٥١)، بودجە و موچە لە هەرێمی کوردستان، چاپی دوەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی.

## داواکراوی دوەم: پرسە ئابورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا

### لقی یەکەم: پرسی وزە

لەسەر ئاستی ناوچەی و نێودەوڵەتی نەوت و گاز پێگەیەکی بەهێزی بەهەرێمی کوردستان بەخشێوە. (فەرەج، خورشید:٢٠٢٢: ٥٥) ئەمەش لە بواری نەوت و گازدا پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا گرنگییەکی زۆری هەبوە بۆ هەردوکیان، هەرێم خاوەنی بڕێکی زۆرە لە نەوت و گازی خەملێنراوە، بەهۆی ئەوەی تورکیا خاوەنی ژێرخانی گواستنەوەی نەوت و گازە وە پردی گەیاندنی وزەیە بە ئەوروپا، بۆ ناردنە دەرەوەی وزە لە هەرێمی کوردستان بۆ بازارەکانی جیهان تورکیا باشترین بژاردەیە، بۆ گەیاندنی نەوت و گازی سروشتی تورکیا تاکە دەروازەی هەرێمە، تورکیا دژی ناوی کورد وکوردستان بو، چەند ساڵێک پێش ئێستا تورکیا وەک دۆست کورد خۆی پیشان دەدات وازی لە دوژمنایەتی کورد هێنا، ئەمەش بەهۆی کاریگەری فاکتەری نەوتەوە چونکە تورکیا لە سەرچاوەی نەوت و گازی سروستی ناوەخۆیی بەشی پێداویستییە ناوەخۆییەکانی ناکات، تورکیا وڵاتێکی کەم وزەیە، بەهۆیی ئەم نەوت و گازی سروشتیە لە کوردستانەوە هەیە هەم پێدویستییە ناوەخۆییەکانی خۆی پێ پڕبکاتەوە هەم کەڵک لەسەرچاوەکانی وزە وەک سەچاوەیەکی ئابوری و بازرگانی کەڵک وەربگرێت لە هەرێمی کوردستان، (قادر & سالح،٢٠١٠: ١٤٨) بەم جۆرە تورکیا بۆ پرکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆیی هەوڵدا پەیوەندییە ئابوری و دبلۆماسیەکانی خۆیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێز بکات لە ساڵی٢٠٠٩ پەیوەندنی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پێ نایە قۆناغێکی نوێیەوە، کە کۆمپانیا تورکیەکانی وەک (Siyahkalem) و (Genel Enregy ) دەستیان بە کاری وەبەرهێنان کرد لە کێڵگە نەوتیەکانی وەک تاوکێ و تەقتەق (١٦٥) هەزار بەرمیل نەوتیان ڕۆژانە بەرهەم دەهێنا. (قادر، ٢٠١٢: ٨٢) بێ گەرانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی تورکیا و هەرێمی کوردستان گرێبەستی (٥٠) ساڵیان واژۆکرد لەسەروبەندی گواستنەوەی و بنیاتنانی بۆڕی بۆ بەندەری جەیهانی تورکیی. سەرەڕای تورکیا پەیوەندی لەمێژینەی لەگەڵ عێراق هەیە ئەم دو دەوڵەتە چەندین ڕێککەوتنامەی بازگانی و ئابوری لە نێوانیان هەیە، بەڵام حکومەتی فیدراڵی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ سکاڵای تۆمارکرد لە دادگای نێودەوڵەتی نێوبژیوانی پاریس بۆ کاروباری بازرگانی یاخود ژوری بازرگانی پاریس دژی دەوڵەتی تورکیا. بەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق ڕێکەوتنی هەیە لەگەڵ تورکیا بۆ فرۆشتنی نەوتی عێراق لە چوارچێوەیی هێڵی بۆڕی (کەرکوک – جەیهان)کە ئەم هێڵە لە ساڵی ١٩٧٧ بونیاد نراوە، بەمەش تورکیا سەرەوەی عێراقی فەرامۆشکردوە بەهۆی ئەوەی ئەم ڕێککەوتن نامەیی لە ناو هەمان وڵات دا بەبێ گوێ دانە حکومەتی فیدراڵ بۆڕی نەوتی کوردستان تورکیای کردۆتەوە. (أنور&خورشید ٢٠٢٢: ٢٢)

**لقی دوەم: بازرگانی**

ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێگەی دا بە دامەزراندنی پەیوەندنی ئابوری و بازرگانی و سیاسی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کورستان، لەسەر بنەمای بەرژەوەنی نەتەوەی بەمەرجێک کار بۆ سەربەخۆی نەکات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بمینێتەوە. (قادر، ٢٠٢١: ٨١) پەیوەندییەکی باشی بازرگانی و ئابوری لەگەڵ حکومەتی کوردستان دروستکرد، بەسەدان کۆمپانیای گەرەو بچوکی تورکیا لە کوردستان دەستیان بەکارکردن کرد، هەندێک لە کۆمپانیا تورکییەکان خاوەنەکانیان کەسانێک کە نزیکن لە دروستکەرانی بڕیاری تورکیا، کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی ئەنقەرە وەکو هێزیکی ئابوری، (قادر & سالح، ٢٠١٠: ١٤٧) هەر بۆیە پەیوەندییە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە، بەهۆی سەقامگیری و پێشکەتنی کوردستان و گونجاوی یاسای وەبەرهێنان کۆمپانیا تورکییەکان ژمارەیەکی زۆریان دەستیان کرد بەوەگەڕخستنی سەرمایە ئەنجامدانی پرۆژە لە بوارەکانی وەک کەرتی بیناسازی، دارایی و بانک، خوێندنی باڵا، پەروەردە، ژێرخانی ئابوری، کەرتی نەوت و گازی سروشتی.

لەدوای ساڵی ٢٠١٤ گرتنی موسل لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە، لە شاری کەرکوک هێزەکانی عێراقی کشانەوە، لەلایەن پێشمەرگەوە بەشیکی زۆری ناوچە کێشە لەسەرەکان کۆنترلکران، سەرۆکی پێشوی هەرێمی کوردستان مسعود بازانی لەسەر بنەمای خراپی دۆخی سەقامگیرنەبونی سیاسی نەناردنی پشکی بودجەی هەرێم لەلایەن دەوڵەتی فیدراڵییەوە گوتی " کورد جگە لەسەربەجۆیی، هیچ چارەیەکی بۆ نەماوەتەوە لەم عێراقەدا " هەربۆیە لەدوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆتە هۆی ئاڵۆزبونی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دژایەتی بکات بە گەمارۆدانی کوردستان بە داخستنی دەروازەی وشکانی و ئاسامانی، بەڵام دواتر پەیوەندیی نێوان تورکیا هەرێم ئاسایی کرانەوە. (قادر، ٢٠٢١، ١-٨٥-٨٦) کە کاریگەرییەکی تەواوی هەبوە لەسەر گەشەکردنی زیاتری کەرتی بازرگانی لەنێوان تورکیا و هەرێم. لەگەڵ ئەوەی هاوبەشیەکی گەورەی بازرگانی لە نێوان عێراق تورکیا هەیە، بەڵام (ئیبراهیم خەلیل) لە هەرێمی کوردستان کە دەکەوێتە پارێزگای دهۆک تاکە ڕێگای وشکانی نێوانیانە، کە لەویوە کەلوپەل هەناردەی عێراق دەکات بەتاکە دەروازەی ناوبراو، (درەو میدیا، ٢٠٢٤) کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان و دروستکەرانی بڕیار لە ڕوی بازرگانی و سیاسییەوە.

خشتەی ژمارە (٧) ژمارەی کۆمپانیا تورکییەکان بەپێی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی کۆتا تۆماری ساڵی ٢٠٢٤ ڕوندەکاتەوە

| پارێزگا | ژمارەی کۆمپانیا |
|---|---|
| هەولێر | ١٠٦٠ |
| سلێمانی | ١٩٩ |
| دهۆک | ٢٥٢ |
| کۆی گشتی | ١٥١١ |

سەرچاوە توێژەر پشتی بەستوە بە -ئامادەکراو لەلایەن بەرێوبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون سەربە وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی، داتایی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤

له ساڵی ٢٠٢٤قەبارەی بازرگانی نێوانیان ساڵانە بڕی (١٢) ملیار دۆلاوە  هەرێمی کوردستان بۆتە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی لە نێوان عێرا ق تورکیا  تورکیا ساڵانە چەندین کەرستە و  پێداویستی دەنێرتە هەرێمی کوردستان. (ئاڤا نیوز :٢٠٢٤)

## داواکراوی سێیەم: پەیوەندییە ئابورییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران

### لقی یەکەم: پرسی وزە

هەر لەسەرەتای دروستبونی قەوارەی هەرێم، هەریەکە لە ئێران و سوریا  تورکیا ئەم سێ دەوڵەتە هەرێمیەن پەیوەندییان لەگەڵ هەرێم هەبوە بە شێوە و قەبارەی جیاواز، بەڵام ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک فاکتەر بو کە دیارترینیان فاکتەری نەوت و گاز بو، هەرچەندە  هەرێمی کوردستان لە بابەتی نەوت و گاز زیاتر لە تورکیا نزیک بو تا لە ئێران، ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و ئابوی جوگرافیا و دراوسێکانی کوردستانەوە هەیە. (فەرەج، خورشید:٢٠٢٢: ١٩-٢٠)

ئەو پەیوەندییەی هەیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران سەبارەت بە وزە بەشێوەیەکی فەرمی و سنوردارەوە، لە ڕێگای گواستنەوەی تەنکەری نەوت هەڵگرەوە ئەنجام دەدرێت، ڕۆژانە زیاتر لە (٦٠٠) تەنکەری نەوت لەڕێگەی دەروازە سنورییەکانی حاجی ئۆمەران و باشماخ و پەروێزخان دەگوازرێتەوە ئێران، لە دەروازەی باشماخ زۆرترین بڕی نەوت دەگوازرێتەوە و یەکێک لە گرنگترین دەروازەکان بەکاردێت بۆ ئەم مەبەستە. بەڕێگای قاچاغیش گواستنەوەی نەوت ئەنجامدەدریت زیاتر لەو ناوچانەی  لە ڕوی جوگرافیاوە نزیکی ئێران، کە تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بکات. هەرچەندە لەدوای وەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بە بڕیاری دادگای ژوری نێوبژیوانی پاریس، بەڵام تا ئێستا گواستنەوەی نەوت بۆ ئێران نەوەستاو ئەنجام دەدرێت.(خضری، ٢٠٢٤)

تائێستا هیچ ڕێکەوتننامەیەکی فەرمی و ئاشکرا نییە لە نێوان  دەوڵەتی ئێران و حکومەتی هەرێم، بەشێکی پەیوەندی هەیە بە سیاسەتی ناوەخۆیی ئێران و فشاری ئەمریکا  لەسەر ئەم وڵاتە کە ڕوبەڕوی سزای دارایی بۆتەوە، بەشێکی تری پەیوەندی هەیە بە حکومەتی عێراق کە دانای نەناوە بە گواستنەوەی نەوت بۆ دەرەوە هەمیشە بە نایاسای زانیوە وەک پێشتر باسمان کردوە.

### لقی دوەم: بازرگانی

زۆربونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و هەرێمی کورستان لەکاتێکدا دەستی پێکرد کە سزاکانی سەر عێراق بەرزبۆوە لە جەنگی دوەمی کەنداو لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا. بەهەمان شێوەی عێراق دەوڵەتی ئێران سزاکانی سەری توند کران، ئەمەش وای کرد زیاتر بایەخبدات بە ناوچە و نزیکەکانی خۆی بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی. لەلایەک ئێران کەلوپەلی دەنارده هەرێمی کوردستان و عێراق، لەلایەکی تر  ئێران هاوردەی کەلوپەلی لە کارکەوتوی ئاسنینی دەکرد، لەدوای پرۆ سەی داگیرکردنی عێراق بەفەرمی ئەم بازرگانییە ئەنجام دەدران. (سادق،٢٠١٧: ١٩) لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان، (٦٥٠) کیلۆمەتر وشکانی هەیە. حەوت دەروازە لە نێوان ئەو سنورە هەیە، هەریەکە لە پەروێزخان، حاجی ئۆمەران، باشماخ، کە دەروازەی فەرمین، دەروازە لاوەکییەکانی وەک سەیرانبەن، شوشمێ، کێلێ و پشتە هەن. (سیروان عباس: ٢٠٢٤) هەریەکە لەم دەروازە یارمەتی باشی دەوڵەتی ئێران دەدەن لەبەر توندکردنی سزاکانی سەر ئێران، لە ڕێگای ئەم ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە، ئێران هەم دەتوانی کەرەستە پێویستییەکانی هەرێم بگوازێتەوە هەمیش کەلوپەلی بەرهەمهێنراوی خۆی لە بازاڕەکانی هەرێم ساخبکاتەوە. ئێران سەنتەری بازرگانی لە شاری سلێمانی کردەوە لە ساڵی٢٠١٢، هەروەها (١٢) سەنتەری

ترێشکرانەوە لەدوای سەردانی جێگری بازرگانی ئێران بۆ سلێمانی. (سادق،٢٠١٧: ٢٠) ئێران کاڵای هەمەچەشن ھاردەی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام زۆربەیان بەرهەمی خۆراکی و کەرستەی بیناسازی و شیرەمەنی و پێداویستی ناو ماڵن. لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت پارێزگای سلێمانی لە ٨٠٪ کاڵای ئێرانین، لە ٨٪ هەناردەی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق. قەبارەی بازرگانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان ساڵانە بە(٧) ملیار دۆلار دەخەملێنریت، (١٢) ملیار قەبارەی بازرگانییەکەیەتی لەگەڵ عێراق ساڵانە، بڕوانە ماڵپەڕی (کوردستان٢٤ :2024)، هەر بۆیە پەیوەندییە بازرگانیەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران کاریگەری زۆری کردۆتە سەر دورستکەرانی بڕیار لە نێوانیان بۆ لێکنزیکبونەوە لێک تێگەیشتن بەو مانایەی هەم ئێران پێویستی بە هەرێمی کوردستان هەیە، هەم هەرێمی کوردستان بۆ هێنانی کەلوپەل دەتوانێت سود لەبەرهەمەکانی دەوڵەتێکی هاوسێ وەک ئێران وەربگرێت، سیاسیەتەکانیان لەسەر ئەم بنەمایە دابڕێژنەوە.

خشتەی ژمارە (٨) ژمارەی کۆمپانیا ئێرانییەکان بەپێی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی کۆتا تۆماری ساڵی ٢٠٢٤ ڕوندەکاتەوە

| پارێزگا | ژمارەی کۆمپانیا |
|---|---|
| هەولێر | ١٩٨ |
| سلێمانی | ١٨٩ |
| دهۆک | ٥ |
| کۆی گشتی | ٣٩٢ |

سەرچاوە: توێژەر پشتی بەستوە بە -ئامادەکراو لەلایەن بەڕیوبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون سەربە وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی، داتایی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤

## دەرئەنجام

١-کێشەی موچە و ئابوری کرێخۆرە و نەبونی یاسای بودجە و چەندین ئاڵنگاری تری ئابوری لە هەێمی کوردستان هەن کە تا ئێستا دروستکەرانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن بەدارشتنی سیاسەتێکی ئابوری گونجاو، کە بەشێک لەو گرفتانە بەهۆی فرەچەشن نەبونی داهات و پشت بەستن بەنەوت وەک تاکە سەرچاوەی داهات وە بەشێکی ترت بەهۆی ناکۆکی سیاسی لایەنەکان، یاخود بەهۆی ناکۆکییە داراییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقە.
٢-هەژاری و بێکاری زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی گوزەرانی هاووڵاتیان لە هەرێمی کە لەدوای ساڵی ٢٠١٤ ڕێژەکە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە کە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی دەستی کار و بەرهەم و داهات ئەمەش دەبێتە هۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری.
٣- کەرتەکانی خزمەتگوزاری لە دوای قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان ڕوبەڕوی گرفتی زۆر بونەتەوە وەک دەردەکەوێت زۆرترین بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم و دروستکەرانی بڕیار لە دوای ساڵی ٢٠١٤ لەژێر کاریگەری قەیرانی ئابوری بوە.
٤- ئەو گوشارە ئابورییانەی لەلایەن حکومەتی عێراق لەسەر پرسی بودجەو وزە کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر قوڵبونەوەی کێشەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند و دروستونی ناسەقامگیری ئابوری لە هەرێمی کوردستان.

٥-پەیوەندییە ئابورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ وەک ئێران و تورکیا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پەرەسەندنی پەیوەندنی نێوانیان کە ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر دروستکەرانی بڕیار لە وڵاتانی دەرەوە گۆڕانی بیروبۆچونیان سەبارەت بە پرسی کورد بەهۆی یەکانگیرکردنی بەژەوەندییە ئابورییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

**ڕاسپاردە**

١- دامەزراوە پەیوەندیدارەکان داتا و ڕاپۆرتی ئابوری ڕونتر پێشکەش بە دامەزراوەکانی پلاندانان بکەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە ئابورییەکان کە کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی گوزەرانی هاووڵاتیان وەک بێکاری و هەژاری.

٢-فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەهێزکردنی داهاتی ناوەخۆ، بۆ دورکەوتەوە لە پشتبەستن بە ئابوری تاک سەرچاوە و نەوت، پێویستە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی زیاتر بەرەوپێشببردێت بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی قەیران، بەتایبەت لەکاتی دابەزینی نرخی نەوت بۆ دورکەوتنەوە لە مەترسییە ئابورییەکان.

٣-زیاتر بایەخدان بەکەرتی تایبەت بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆچی گەنجان و هەژاری و بێکاری بەمەبەستی زیاتر سودوەرگرتن لەدەست کاری ناوەخۆی.

٤-دروستکەرانی بڕیار زیاتر بایەخ بە بەزیاکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بدەن، بەتایبەت لە بوارەکانی ئابوری و زیاتر هانی بازرگان و وەبەرهێنەرانی دەرەکی بدەن بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی گەشەکردنی ئابوری لە هەرێم.

**لیستی سەرچاوە**

احمد، تاریق، (٢٠١٢)، خاڵە لاوازەکانی میکانیزمی ئێستای بەڕیوەبردنی پەروەردە،گۆڤاری پەروەردە و فێرکردن، گۆڤارێکی پەرەردەیە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم دەدری دەکات، ژمارە ٨ ،ل٣٥

ئەحمەد، سەروەر،( ٢٠٢٣)،" پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی جیهانییدا لیکۆلینەوەیەک لە دەرفەت و ئالەنگاریەکان "، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەددین،ل١٣٤

ئاڤا نیوز،٢٠٢٤، قەبارەی بازرگانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان زیاد دەبێت،( سەدانی کراوەلە ١-٢-٢٠١٥)،بەردەستە لە[https://www.ava.news/news/4556](https://www.ava.news/news/4556)

المنوفی ، کمال،(٢٠٠٧)، وەرگێڕان ئاوات ئەحمەد،(تیۆری سیستەمە سیاسیەکان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد

دیداری زانستی ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (بژاردەو بەرستەکان)، (٢٠١٨) مجلة الدراسات السیاسیة والامنیة، مجلد الاول، العدد الثاني، ص ١٨٣

دروه میدیا،(٢٠٢٤)، پەیوەندییە سەربازی و ئابوری وبازرگاییەکانی تورکیا و هەریمی کوردستان، سەردانی کراوە ٢-٢-٢٠٢٥، بەردەستە لە [https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14983](https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14983)

(دەسکەوتەکانی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم)، (٢٠٢١)، هەولێر، ٢٠٢١، ل ٣٥

ڕێکخراوی ڕێسا بۆ مافەکانی مرۆڤ،(٢٠٢٤)، قەیرانی هەژاری لە هەرێمی کوردستان، سەردانی کراوە لە ٣-٣-٢٠٢٥ بەردەستە لە [https://resa.krd/](https://resa.krd/)

سادق،بارزان جەوهەر، (٢٠١٧)، "ستراتیژی سیاسیەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان لەدوای داگیرکاری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ "، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی ٢، ژمارە ٨،ل١٩

سالح،دانا علی،عمر،کارزان احمد،(٢٠٢٤)مامەڵەی هەرێمی کوردستان بەرامبە ئالەنگاریەکانی ئاسایش،مجلة الدراسات السیاسیة و الامنیة، المجلد السابع، العدد الثاني،ص١١

سەعید، فایەق، (٢٠٢٠)، " وەزارەتی پەروەردە لە نێوان بەرزەویست و پەروەردەی کلاسیکدا ١٩٩٢-٢٠٢٠"، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٤، ل٢

سعدی، وژار فهری، (٢٠٢٣)، "سیستەمی پاشایەتی دەستوری و چەسپاندنی لە هەرێمی کوردستان"، گۆڤاری قەلای زانست، بەرگی ٨، ژمارە ١، ل٦١٣

شێخ مستەفا،گۆران،(٢٠١٩)،( بودجەی هەرێمی کوردستان چۆن بێت؟)، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە٢٩،ل٨٣)

شەریف، ئەمین فەرەج (٢٠١٩) وەرگێڕانی لوقمان حاجی قادر،(حکومڕانی باش لە هەرێمی کوردستان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر

صدیق سمیع صابر،٢٠٢٣، اریگەری فاکتەرە ناوەخۆیەکان لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستان - عێراق لەدوای ٢٠٠٣، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانسیە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین،ل١١٩

سیروان عباس (٢٠٢٠)بازرگانی نیوان ئێران و هەریمی کوردستان بە ترانزێتەوە زیاترە لە حەوت ملیار دۆلاو، ماڵپەڕی تۆری میدیای ڕوداو، (سەردانیکراوە لە ٣-٢-٢٠٢٥) بەردەستە لە https://www.rudaw.net/sorani/busin

عمر، کارزان أحمد،( ٢٠٢٣)، "ئالەنگاریەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگن لە دوای سالی ٢٠١٤"، نامەی ماستەر، کۆلیجی زانستە ڕامیاریەکانی زانکۆی سلێمانی،ل٥٧

عیسی، صالح & قادر،پەرویز (٢٠٢١)، "پرسەکانی ئاسایشی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستان - عێراق لە ڕوانگەی باری بۆزان لەدوای ٢٠١٧ "، گۆڤاری قەلای زانست، بەرگی ٦، ژمارە ٢،ل٣١٧

عەلی،ئەحمەد ، خالید،ئەحمەد (٢٠٢١)، "ئاستی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا "، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٨،ل٥٠

عیسی،صالح &قادر،پەروێز، (٢٠٢١)" ئاسایشی ئابوری لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆبنهاگن: ئاسایشی ئابوری هەرێمی کوردستان -عێراق وەک نمونە"، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی ٦، ژمارە ٤،ل١٥٨-١٥٩-١٦٦

فقی علی، پاکستان (٢٠٢٣)، ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندنی کوردی لە دروستکردنی بریاری سیاسی هەرێمی کوردستان – عێراق وەک نمونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زانستەسیاسیەکا، ل٢١-٢٢

فەتاح،هێمن،(٢٠٢٢)،" سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستانی - عێراق و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی تەنگەژەکانی (١٩٩٢-٢٠٢١)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە ڕامیاریەکان، ٢٠٢٢،ل٢٢

فەرەج، انوەر &خورشید چالاک،(٢٠٢٢)،"کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان /عێراق ".مجلة جامعیة التنمیة البشریة، مجلد ٨،ص٢٢

قادر،ئاشنا عبداللە & حەمەئەمین ئەکرەم فەرەیدون( ٢٠٢٠)،" ڕۆلی بەرنامەکانی گفتوگۆی تەلەفیزیۆنی لە سازاندی بڕیاری سیاسیدا توێژینەوەکی بۆ نمونەیەک لە بژاردەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەماوەی ٢٠١٩/١٢/٣١ -١/١/ "٢٠١٨، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی پێنجەم، ژمارە ٤،ل٣٥٤

قادر،هێمن محمد (٢٠١٢)، کاریگەری وزە لە پەیوەندەکانی نێوان تورکیا و هەریمی کوردستاندا ١٩٩١-٢٠١٢، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٧

قادر، پەرویز & سالح،نەجات، (٢٠١٠)،( کاریگەری تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق)، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر

کوردستان ٢٤، (٢٠٢٤)،لە حەت دەروازەوە ئاڵوگۆری بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان وئێران دەکریت، (سەردانی کراوە ٣-٢-٢٠٢٥)،بەردەستە لە https://www.kurdistan٢٤.net/ckb/story/

کەریم،ئەنوەر(٢٠١٢)، " مۆدێلی ئابوری هەرێمی کوردستان تێکەلەیەک لە ئابوری کرێخۆرەو نێو لیبرلیزم "، ژوری توێژینەوەی بزوتنەوەی گۆڕان،ل٦

گوڵپی،جیهانگیر،( ٢٠٢١)،"پەیوەندییە داراییەکانی هەریم و بەغداد هۆکارەکانی ناسازی، سیناریۆ ئایندەکانی،" گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٥،ل١٧-١٨

سەرکۆ ئازاد (٢٠٢١)، لە ٢٩ سالی حکومەتدا ٢١ساڵ بودجەی هەبوە ١٧ ساڵ بودجەی نەبوە،ماڵپەڕی درەو،(سەردانی کراوە لە ٢٠-٣-٢٠٢٥)، بەردەستە لەر https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=٧٨٨٣

گەلاڵی،یادگار سەید (٢٠٢٢)، "سێکتەری نەوت لە نیوان هەرێم و بەغداد،" گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١٥،ل١٢

ماڵپەری فەرمی دەستەی ئامار هەرێمی کوردستان، ڕۆژی سەردان ٣-٣-٢٠٢٥، https://krso.gov.krd/ku/statistics
میدیای درەو (٢٠٢٣)،( بارگرانی و لیکەوتەکانی ئابوری سەربەخۆ)، بەبێ ناوی چاپخانە، سلێمانی
میدیای درەو،( ٢٠٢٥)، (بودجە و موچە لە هەرێمی کوردستان)، چاپی دوەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی
یاسای ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان – عێراق
چاوپێکەوتن لەگەڵ، نجم الدین، بدیعە (٢٠٢٥)، مامۆستا لە قوتابخانەی دوشیوان منتک بنەڕەتی، خاوەنی ٢٧ ساڵ ئەزمون لە پەروەردە و فێرکردن، ڕۆژی چاوپیکەوتن٢٢-٤-٢٠٢٥،کاتژمێر ٢:٢٥ دوای نێوەڕۆ
چاوپێکەوتن لەگەڵ، ئەکرەم،عباس (٢٠٢٥)،وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی،ڕۆژی چاوپێکەوتن ٦-٤-٢٠٢٥، کات ١٠:١٣ پێش نیوەڕۆ
چاوپێکەوتن لەگەڵ، خضری،علی(٢٠٢٤)، شوفێری گواستنەوی تانکەری نەوت لەنێوان هەرێم و ئێران، ڕۆژی چاوپێکەوتن ٣-٩-٢٠٢٣کات ١١:٠٠ پێش نیوەڕۆ.
القادري،رعد،( ٢٠١٦)، قراءة في النزاع النفطي بين حكومة الاتحادية و حكومة إقليم كردستان، مركز بيان للدراسات و التخطيط،ص٦
الاوقاتي،بسمة & السعيدي،سعد،(٢٠١١)"دور معلومات في عملية صنع القرار السياسي الخارجي دراسة النظرية، مجلة دراسة دولية"، العدد الخمسون ص١١٩
جرار،طارق توفيق محمد، (٢٠١٧)دور أليات و منهجية صنع القرار في تعزيز المواطنة السلطة الوطنية الفلسطينية نموذجا،رسالة الماجستير، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية. ص٣٤
مكاوي،بهادين،( القرار السياسي ماهيه - صناعة - اتخاذه - تحدياته، المعهد البحرين للتنمية السياسة)
معهد البحرين (٢٠١٦) "للتنمية السياسية، صناعة القرار السياسي "،
S. Ahmad , Najih,2016, performance Appraisal in Higher Education Institutions in Kurdistan Region: The case the of university , Sulaymani , Thesis submitted in partial fulfilment of the requirements for the degree of Doctor of Philosophy , Cardiff Metropolitan University p2
ڕاگەیاندراوی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم، ڕۆژی سەردان٦-٣-٢٠٢٥، بەستەر https://gov.krd/mop/
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، فەرمانگای خوێندن و پلاندانان و بەدوا داچون، بەڕێوبەرایەتی ئامار و پلان دانان، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە.
ئامادەکراو لەلایەن بەرێوبەرایوتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون سەربە وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی ، داتایی بڵاونەکراوە.
میدیای درەو، ٢٠٢٥، بودجە و موچە لە هەرێمی کوردستان، چاپی دوەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی
صدیق، سمیع صابر،٢٠٢٣، کاریگەری فاکتەرە ناوەخۆییەکان لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستان - عێراق لەدوای ٢٠٠٣، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین.